له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# بەهەشت

# و

# بەهەشتیان

وەرگیراوە لە کتێبی ( مجالس شهر رمضان )

لە نوسینی
الشيخ محمد بن صالح العثيمين ( رحمه الله )
پوخت کردن و وەرگێڕانی
پشتیوان حسن

چاپی دووەم ١٤٣٤ کۆچی

---

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی وەرگێڕ

**إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.أما بعد:**

**خوێنەری بەڕێز** : ئەم نامیلکەیەی بەردەستت لە دوو بەشی سەرەکی پێك هاتووە:

**بەشی یەکەم** : کورتەیەکە سەبارەت بە وەسفی بەهەشت وخۆشی و دیمەنە بێ وێنەو دڵڕفێنەکانی لە ژێر تیشی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

**بەشی دووەم** : باس ئـاکارو سیفاتی بەهەشتیەکان دەکات واتە : باس لەو کارانە دەکات کە بە کردنیان بەهەشت بۆ خۆت مسۆگەر دەکەیت .

خوای گەورە من و ئێوەش بگێڕێت لە ئەهلی بەهەشت

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

# بەشی یەكەم

# وەسفی بەهەشت

## لە ژێر تیشی ئایەتە پیرۆزەكانی قورئان

## و فەرموودە صەحیحەكانی پێغەمبەر

( صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ ).

**الحمد لله رب العالمين والعاقبة للمتقين ولا عدوان إلاّ على الظالمين والصلاة والسلام على إمام الأولين والآخرين وقائد الغُرِّ المحَجَّلين وعلى آلهِ وأصحابه إلى يوم الدِّين**

**أما بعد:**

براكانم پێشبڕكێ ودەستپێشخەری بكەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو بەهەشتەی كە پانتاییەكەی بەقەد ئاسمانەكان وزەویە، شتگەلێكی وای تێدایە كە نەبەچاوبینراوەو نەبەدڵی هیچ كەسێكدا هاتووەو نەكەسیش بیستوویەتی، ئەوەتا خوای پەروەردگار لەم ئایەتە پیرۆزانەدا بەڕوونی دەفەرموێت : ﴿**مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ أُكُلُهَا دَائِمٌ وَظِلُّهَا**﴾(الرعد:٣٥).

واتە: وەسف ووێنەی ئەو بەهەشتەی لەلایەن خوای میهرەبانەوە بەخەڵكی ئیمانداری پارێزكار بەڵێن دراوە بەم شێوەیەیەكە: لەبن درەختەكانیەوە چەندین ڕووبارو چەمە ئاوی جوان وخاوێن دەڕوا میوەجاتی وسێبەری و سەهەندی هەمووكاتیە دوایی نایە ونابڕێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿**مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ مِنْ مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِنْ خَمْرٍ لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِنْ عَسَلٍ مُصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَمَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ**﴾

واتە: نموونەو سیفەتی ئەو بەهەشتەی بە خۆپارێزان بەڵێن دراوە لەپاشەڕۆژدا پێیان بدرێت بەم شێوەیەیە: ڕووباری زۆری لە ئاوی خاوێن ونەگۆڕاوی بیٚ بۆنی تیٚدایە, وە زۆر ڕووباری تیٚدایە لەشیری سپی وجوان کەبەهۆی مانەوە-وەك شیری دونیا- تامی نەگۆڕاوە (چونکە لە گوانی ئاژەڵ نایەتەدەریٚ), چەندین چەم وڕووباری تیٚدایە لەشەراب وعەرەقیٚك-کەبۆئەوانەی ئەیخۆنەوە- زۆر خۆش وبەمەزەیە واتە: دوورە لەهەر وەسفیٚکی عەرەقی دونیا, وەچەندان چەم وڕووباری تیٚدایە لەهەنگوێنی پاڵاوتەوبیٚگەرد, لەویٚ جۆراوجۆری میوەیان بۆ هەیە, لیٚبوردن ولیٚخۆشبوونی پەروەردگاریشیان بۆ هەیە کەئەوە چاکترین شتە.

وە هەروەها دەفەرمویٚت : ﴿وَبَشِّرْ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ كُلَّمَا رُزِقُوا مِنْهَا مِنْ ثَمَرَةٍ رِزْقاً قَالُوا هَذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِنْ قَبْلُ وَأُتُوا بِهِ مُتَشَابِهاً وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾(البقرة:٢٥).

واتە: ئەی پێغەمبەر مژدە بدە بەوانەی کە بڕوایان بەخوا و پێغەمبەرو ڕۆژی دوایی هەیەو, کردەوەی چاك و پەسەندەکان ئەنجام دەدەن کەبیٚگومان بەهەشت گەلیٚکیان بۆهەیە, کەچەندین کانیاوو ڕووبار لەژێردرەختەکانیدا دیٚن ودەچن هەرکە لەو

بەرهەم ومیوەی بەهەشتانەیان بۆدێنن ودەیچێژن دەڵێن: خۆهەر ئێستا لەمەتان بۆ هێناین, ئەمە هەر ئەو ڕۆژیەبوو کەپێشتر پێمان درا دیارە ئەو میوەجاتەی لەبەهەشتا بۆیان دەهێنرێ هەموو لەچاکی وباشیدا بەڕەنگ لەیەك دەچن بەڵام بەتام ومەزە لەیەك جیاوازن, لەو بەهەشتەشدا چەندین ئافرەت وهاوسەری پاك وخاوێنیان بۆ ئامادەکراوەو بەهەتاهەتاییش لەوێ ئەمێننەوەو ژیانێکی خۆش دەبەنەسەر.

**هەروەها دەفەرموێت : ﴿وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلالُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلاً (١٤) وَيُطَافُ عَلَيْهِمْ بِآنِيَةٍ مِنْ فِضَّةٍ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَ (١٥) قَوَارِيرَ مِنْ فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيراً (١٦) وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْساً كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلاً (١٧) عَيْناً فِيهَا تُسَمَّى سَلْسَبِيلاً (١٨) وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤاً مَنثُوراً (١٩) وَإِذَا رَأَيْتَ ثَمَّ رَأَيْتَ نَعِيماً وَمُلْكاً كَبِيراً﴾**

(الإنسان:١٤-٢٠).

واتە: سایەوسێبەری درەختەکانی لێیانەوە نزیکە, تا زیاتر هەست بەخۆشی و ڕێزو حورمەت بکەن لێکردنەوەو چنینی میوەکەشیان ئاسانکراوە بۆیان, لەسوراحی وکاسەی زیودا شەرابیان بەسەردا دەگێڕدرێ بەقاپی زیوین کەدەکرێتە ئەو کوپ

وکاسانەوە لەزەرکی میناو شوشەی تایبەتدا دروستکراون, هەموو کاسەو سـوراحی خــواردن وخواردنــەوەیان لەشوشــەی زیــوە کەبەئەندازەیــەکی جــوان وپێویســت ودلڕفێن(ساقیەکان) ئامادەیان کردووە بۆیان, شەرابی ئاوێتە بەزەنجــەفیل وچــۆمی سەرسەبیل دەخۆنەوە وەپێکێکیان پێ دەنۆشرێ تێکەڵەکەی زەنجەفیلە, وە لە ئــاوی کانیاوێکیش تێکەڵکراوە کەلەبەر خۆشقووتی پێی دەڵــێن: سەلســەبیل, وە لاوانــێ کەهەر بەجوانی دەمێننەوە بەسەریاندا دەگەڕێن بۆ خزمــەتکردنیان شــیاوی باســە هەرگیز پیری وناشرینی وگۆڕان ڕوویان تێ ناکــات, هەرکــە دەیــانبینی وادەزانیــت مروارین وبەو ناوەدا بڵاوبوونەتەوە, کاتێ بەهەر لایەکی ئەو بەهەشتەدا دەڕوانیــت نازونیعمەت وبەهرەیەکی فراوان ومولکێکی گەورەی بێ سنوور, واتە نازانی سەیری چی بکەیت وگوێ بۆ چی بگریت.

**هەروەها دەفەرموێت : ﴿فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ (١٠) لا تَسْمَعُ فِيهَا لاغِيَةً (١١) فِيهَا عَيْنٌ جَارِيَةٌ (١٢) فِيهَا سُرُرٌ مَرْفُوعَةٌ (١٣) وَأَكْوَابٌ مَوْضُوعَةٌ (١٤) وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ (١٥) وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ﴾** (الغاشية).

واتە: لەناو بەهەشتێکی بەرزو بڵندان, هیج قســەو وتەیــەکی هــیچ و پــووچ و بــێ مانای تیا نابیسن, بەدائیم سەرچاوەی ڕەوانی تێدایــە, لــە چــەند لایەکــەوە ئــاوی خۆشقوت دێت ودەچێت, هەروەها چرپاوسیستەم وچەند تەختێکی بــەرزی بــەنرخی

لێیەو کورسی لەهەموو لایەکەوە بەدەوری کانیاوەکـەدا ڕیزکراوە(حـور العین)یشـی لەسەر دانیشتووە, ولەبەردەمیاندا پەرداخی جـوان ونەخشـین دانـراوە, وپاڵەپشـتی جوان وڕازاوەی تیایە کەبەشێوەیەکی جوان وپەسەند ڕیزکـراون, وە قـاڵی وڕایـەخی ڕەنگاوڕەنگی تیا ڕاخراوە.

وە هەروەها دەفەرموێت : ﴿يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤاً وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ﴾(الحج:٢٣).

واتـە: خشـڵدارەدەکرێن لەوێـدا بـەبازنی زێڕومـرواری وجـل وبـەرگی ئەوێشـیان هەوریشمە.

هەروەها دەفەرموێت : ﴿عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِنْ فِضَّةٍ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَاباً طَهُوراً﴾(الإنسان:٢١).

واتە: لەبەریاندایە پۆشاکیٚ لەئاوریشمی قەشەنگ ونەرم ونۆڵ وجوان سەوزی تـەنك, کەبەسەر ئاوریشمی ئەستووردا لەبەریان کردووە, ڕازێنراوەتەوە بەبازن ودەستبەندی زیو وەپەروەردگاریان شەرابێکی پاك وپوخت وخاوێنیان پێدەنۆشیٚ.

هـــەروەها دەفـــەرموێت : ﴿مُتَّكِئِـــينَ عَـــلَى رَفْـــرَفٍ خُضْرٍ ـــ وَعَبْقَـــرِيٍّ حِسَانٍ﴾(الرحمن:٧٦).واتە: لەسەر پشتی سەوزو قاڵی نایاب- کەوێنەیان لە دونیادا نیە- شانیان داداوە.

هەروەها دەفەرموێت : ﴿إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي مَقَـامٍ أَمِـينٍ (٥١) فِي جَنَّـاتٍ وَعُيُـونٍ (٥٢) يَلْبَسُونَ مِنْ سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَقَـابِلِينَ (٥٣) كَـذَلِكَ وَزَوَّجْنَـاهُمْ بِحُورٍ عِينٍ (٥٤) يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَاكِهَةٍ آمِنِينَ﴾(الدخان).

واتە: بێگومان پارێزگاران لە جێگایەکی هێمن و ئاسایشدان, لە ناو چەندان بـاخ و سەرچاوەدان, لە بـەر ئەکـەن لـە ئاوریشـم و حـەریری ناسـك و ئەسـتوور هـەموو بەرامبـەری یـەکن لـەکۆڕی دانیشـتنەکانیاندا, هـەروەها وەسـفمان کـرد بۆت,هاوجووتمان کردوون, بەژنانی سپی, چاو گەورە, داوا دەکەن لەو بەهەشـتانەدا هەر جۆرە میوەیەك حەزی لێ بکەن بێ ترس لە مردن و لە هەر شتێکی تر.

لەئایەتێکی تردا دەفەرموێت : ﴿الَّذِينَ آمَنُوا بِآيَاتِنَا وَكَـانُوا مُسْـلِمِينَ (٦٩) ادْخُلُوا الْجَنَّةَ أَنْتُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ (٧٠) يُطَافُ عَلَـيْهِمْ بِصِـحَافٍ مِـنْ ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الأَنفُسُ وَتَلَذُّ الأَعْيُنُ وَأَنْتُمْ فِيهَـا خَالِـدُونَ

(٧١) وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (٧٢) لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِنْهَا تَأْكُلُونَ (٧٣) إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي عَذَابِ جَهَنَّمَ خَالِدُونَ﴾(الزخرف).

واتە: بەندەکانم ئەوانەن کە بەئایەتەکانمان بڕوایان هێناوەو، ملکەچی هەر فەرمانی خۆمان بوون ، لەپاشەڕۆژدا پێیان دەوترێ: بچنە بەهەشتەوە خۆتان وژنەکانتان لەوپەڕی کامەرانی وخۆشحاڵی ودڵشادیدا, جا کەنیشتەجێ بوون لەبەهەشتدا کاسەی زێڕینی پڕ لەخواردن وجامی پڕ لەشەراب بەسەریاندا ئەگەڕێنرێ هەرچیش دڵ حەزی لێبکاو چاو چێژی لێ بەرێ لەوێدا هەیە وئێوەش بەهەتاهەتایی تێیدا ئەمێننەوە, پێیان ئەوترێ: ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە بەهۆی کارەچاکەکانتانەوە پێتان دراو بەمیرات پێتان بڕا واتە مافی خۆتانە, میوەی زۆری جۆراوجۆری تێدا هەیە بۆتان لێیان دەخۆن, بێگومان تاوانباران لەسزای دۆزەخدان بەهەمیشەیی.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت : ﴿فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلا جَانٌّ (٥٦) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٥٧) كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ﴾(الرحمن).

واتە: ژنانێکیان تێدایە تەنها سەیری مێردەکانی خۆیان دەکەن بەر لەو مێردە بەهەشتیانەیان کەسێ لەئادەمی ولەجنی لەگەڵیان جووت نەبووە, جا بەکام

نیعمەت لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕناکەن؟ حۆریەکان لە جوانی وساف وسووریدا دەڵێیت یاقوت وشیلانن.

**هەروەها لە هەمان سورەتدا دەفەرمویت :﴿فِيهِنَّ خَيْرَاتٌ حِسَانٌ (٧٠) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٧١) حُورٌ مَقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ﴾**(الرحمن).

واتە: ژنانی ڕەوشت شیرین وڕوخسار جوانیان تێدایە, جا بەکام نیعمەت لە نیعمەتەکانی پەروەردگارتان باوەڕناکەن؟ ژنانی سپی چاوڕەشن لەناو خێوەت وچادرەکاندا دەرناچن.

**یان دەفەرمویت :﴿ فَلا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾**(السجدة:١٧).

واتە: ئیتر هیچ کەسێ نازانێ چ پاداشتێکی گرنکیان بۆ داشاراوە لەهۆیەکانی خۆشی وشادی چاوان ودڵ ئارامی لەپاداشتی ئەو کارانەدا ئەنجامیانداون وخۆیان بۆ ماندوو کردووە.

**هەروەها دەفەرمویت : ﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ وَلا يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ وَلا ذِلَّةٌ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾**(یونس:٢٦).

واتە: بۆ ئەوانەش چاکە دەکەن پاداشتی زۆرچاك وبەهەشـت هەیـە وزیـاد لـەوەش دیتنی ڕووی پیرۆزی خوای میهرەبان وتەماشاکرنی, تۆزو غوبارو سەرشۆڕی لـەدەم وچاویان نانیشێ هەرچـۆنی لـەدەم وچـاوی دۆزەخیـەکان دەنیشـێ ئەوانـە یـارانی بەهەشتن وبەهەتاهەتاییش تێیدا دەمێننەوە ولێیدەرناچن.

**خوێنەرانی بەڕێز :** ئایەت وفەرمایشتی خوای کـارجوان سـەبارەت بـە وەسـف وباسی بەهەشت زۆرن و لەقورئانەکەیدا لە زۆر شوێندا باسی فەرمووە, کە هەر لـە قورئان دەکەوێ گوزارشت لە وەها شوێنێکی بەچاو نەبینراوبکات و بیهێنێتە پێش چاو, تەنانەت ووردەکاریەکانیشی باس دەکات, لەتوانای هیچ کەسـێکدا نیـە بـەو جوانیە باسی لێوە بکات هەرچەندە زیرەك وبـەتواناش بێـت و ڕەوانگـۆیش بێـت, بۆیە ئێمەش زیاتر پەنامان بردۆتە بەر قورئان بۆ ئەو مەبەستە.

**ئێستاش دێینە خزمەت فەرموودەکانی پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسـی بەهەشتمان بۆ بکات, ئەو پێغەمبەرەی کە بەهەشـتی بەچـاوی خـۆی بینیـوەو زاناترین کەسە بەو باسە, خوای گەورە بمانگیڕێ لە سەرنشینانی بەهەشت.**

ئەبوهورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ دەفەرمویێت: وتمان ئـەی پێغەمبـەری خـوا باسـی بەهەشت ودیوارەکانیمان بۆ بکە, ئەویش فەرمووی :

(( لَبِنَةٌ ذَهَبٍ وَلَبِنَةٌ فِضَّةٍ ، وَمِلَاطُهَا الْمِسْك، وَحَصْبَاؤُهَا اللُّؤْلُؤُ وَالْيَاقُوتُ ، وَتُرَابُهَا الزَّعْفَرَانُ ، مَنْ يَدْخُلُهَا يَنْعَمُ وَلَا يبأسُ ، وَيَخْلُدُ وَلَا يَمُوتُ ، لَا تَبْلَى ثِيَابُهُ وَلَا يَفْنَى شَبَابُهُ ))[رواه أحمد والترمذي].

واتە: خشتێکی ئاڵتونەو خشتێکی زیـوە, خۆڵەکـەی میسـکە, بـەردو چـەوەکەی مـرواری و یاقوتـە, تۆزەکـەی زەعفەرانـە, ئـەوەی بچـێتە ناویـەوە خۆشـحاڵ وخۆشگوزەران دەبێ وهەرگیز بێزارنابێ, وە بەهەمیشـەیی دەمێنێتـەوە وزینـدوەو نامرێت, جلوبەرگەکەی کۆن نابێ وگەنجێتیەکەی ناڕوات.

(خالد)ی کوڕی (عمیر العدوی) دەڵێ: (عوتبە)ی کـوڕی (غزوان)(خـوای لـێ ڕازی بێت) وتارێکی بۆداین، سوپاس و ستایشی خوای کرد و پاشان فـەرمووی: (( أَمَّـا بَعْدُ، فَإِنَّ الدُّنْيَا قَدْ آذَنَتْ بِصَرْمٍ، وَوَلَّـتْ حَـذَّاءَ، وَلَمْ يَبْـقَ مِنْهَـا إِلَّا صُـبَابَةٌ كَصُبَابَةِ الْإِنَاءِ يَتَصَابُّهَا صَاحِبُهَا، وَإِنَّكُمْ مُنْتَقِلُـونَ مِنْهَـا إِلَى دَارٍ لَا زَوَالَ لَهَـا، فَانْتَقِلُوا بِخَيْرِ مَا بِحَضْرَتِكُمْ، وَلَقَدْ ذُكِرَ لَنَا أَنَّ مَا بَيْنَ مِصْرَاعَيْنِ مِنْ مَصَارِيعِ الْجَنَّةِ مَسِيرَةُ أَرْبَعِينَ سَنَةً، وَلَيَأْتِيَنَّ عَلَيْهَا يَوْمٌ وَهُوَ كَظِيظٌ مِـنَ الزِّحَـامِ ))[رواه مسلم].

واتــە: لەپاشــان بــزانن کــە دنیــا تــازە بڕیــاری خــوا حــافیزی داوەو، پشــت پێــی لێهــەڵکردووە، ئــەوەی لێــی ماوەتــەوە وەك چــۆڕە ئاوێــك وایــە لــە قاپێکــدا، کەخاوەنەکەی بیڕێژێت، بزانن کە ئێوە دەگوێزنەوە بەرەو خانەیەك کە تـەواو بـوونی نیە، کە وابوو بەچاکترین تووێشووەوە بەجێیبێڵن، چونکە ئێمە بۆمان باسکراوە کە نێوانی هەردوو لاشیپانی دەروازەی بەهەشت چل ساڵ ڕێیە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژێك دێت جمەی دێت لە عەشامدا.

وەلە سەهلی کوڕی سەعدەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (( فِي الْجَنَّةِ ثَمَانِيَةُ أَبْوَابٍ، فِيهَا بَابٌ يُسَمَّى الرَّيَّانَ، لاَ يَدْخُلُهُ إِلاَّ الصَّائِمُونَ ))[متفق عليه] واتە: بەهەشت هەشت دەرگای هەیە, دەرگایەکی پێی دەوترێ ڕەیان تەنها ڕۆژووەوانان پێیدا دەڕۆنە ژوورەوە.

وە ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی : (( إِنَّ فِي الْجَنَّةِ مِائَةَ دَرَجَةٍ أَعَدَّهَا اللهُ لِلْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِهِ ، بَيْنَ كُلِّ دَرَجَتَيْنِ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ، فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللهَ فَاسْأَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ، فَإِنَّهُ وَسَطُ الْجَنَّةِ وَأَعْلَى الْجَنَّةِ ، مِنْهُ تَفَجَّرُ أَنْهَارُ الْجَنَّةِ ،وَفَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ ))[رواهُ البخاري]

واتــە: بەهەشــت ســەد پلەیــە خــوای گــەورە ئامــادەی کــردووە بــۆ تێكۆشــەرانی ڕێبازەکەی, نێوان دوو پلە وەکــو نێــوان ئاسمــان وزەوی وایــە, جــا ئەگــەر داواتــان لەخواکرد ئەوا داوای فیردەوسی لیّ بکەن چونکە ئەوە بەرزترین ولوتکەی بەهەشــتە ڕووبارەکــانی بەهەشــتیش لــەوێوە سەرچــاوەدەگرن وهەڵــدەقوڵێن و سەرەوەیشــی عەرشی خوای پەروەردگارە.

وەلە ئەبی سەعیدەوە (رضي الله عنه) دەڵێت: پێغەمبــەری خــوا (صَــلَّى اللهُ عَلَيْــهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: ((إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ لَيَتَرَاءَوْنَ أَهْلَ الْغُرَفِ مِنْ فَـوْقِهِمْ كَـمَا تَتَرَاءَوْنَ الْكَوْكَبَ الدُّرِّيَّ الْغَابِرَ مِنَ الْأُفُقِ مِنَ الْمَشْرِقِ أَوِ الْمَغْرِبِ، لِتَفَاضُلِ مَا بَيْنَهُمْ). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، تِلْكَ مَنَازِلُ الْأَنْبِيَاءِ، لَا يَبْلُغُهَا غَـيْرُهُمْ؟ قَـالَ: (بَلَى وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، رِجَالٌ آمَنُوا بِاللهِ وَصَدَّقُوا الْمُرْسَلِينَ)).[صحيح مسلم]

واتە : بەهەشتیەکان باڵە خانە نشینەکانی سەرو خۆیان دەبینن. {هەرەك چۆن ئێوە ئەو ئەستێرە درەوشاوە دەبینن کە لە ئاسۆی خۆر هەڵات بەرەو ئــاوابوون دەچــێت، لەبەر بەرزوبڵندی پلەی ئەوان لە مانیتر. وتیان: ئەی پێغەمبــەری خــوا (صَــلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): ئەمــە پلەوپایــەی پێغەمبەرانــە جگــە لــەوان کــەس پێــی ناگــات؟

فەرمووی: (بەڵێ سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە پیاوانێکن باوەڕیان بەخوا هێناوەو پێغەمبەرانیان بەڕاست زانیووە {پێیان دەگەن} .

**وە هەروەها ئەبی مالکی ئەشعەری دەڵێت: پێغەمبەری خوا** (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **فەرمووی :** (( إِنَّ فِي الْجَنَّةِ غُرَفًا يُرَى ظَاهِرُهَا مِنْ بَاطِنِهَا وَ بَاطِنِهَا مِن ظَاهِرُهَا ، أعدَّها اللهُ لِمَنْ : أَطْعَمَ الطَّعَامَ ، وَأَدَامَ الصِّيَامَ ، وَصَلَّى بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ ))[رواه الترمذي عن علي وصححه الألباني].

واتە: لەبەهەشتدا ژوورگەلێك هەن لەدیوی ناوەوەیەوە دەرەوەی دیارە وە لە دەرەوەیشەوە ناوەوەی دیارە خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی کە خواردن دەدەن وڕۆژوو دەگرن وشەونوێژ دەکەن لەکاتێکدا خەڵکی خەوتوون.

**وەلە (أبو موسى) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا** (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **فەرموویەتی :**

(( فِي الْجَنَّةِ خَيْمَةٌ مِنْ لُؤْلُؤَةٍ مُجَوَّفَةٍ، عَرْضُهَا سِتُّونَ مِيلًا، فِي كُلِّ زَاوِيَةٍ مِنْهَا أَهْلٌ مَا يَرَوْنَ الْآخَرِينَ، يَطُوفُ عَلَيْهِمُ الْمُؤْمِنُ )). [متفق عليه]

واتە : (لەبەهەشتا خێوەتێك هەیە لە مرواری ناو بۆش، پانیەکەی شەست میلە، لەهەر سوچێکیدا هاوسەرێکی تێدایە، ئەوانی دیکە نابینن، بڕوادار بە سەریاندا دەگەڕێت).

**لە صحیحی موسلمدا هاتووە کە ئەبوهورەیرە(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا** (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **فەرموویەتی :**

(( أَوَّلُ زُمْرَةٍ تَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنْ أُمَّتِي عَلَى صُورَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ عَلَى أَشَدِّ نَجْمٍ فِي السَّمَاءِ إِضَاءَةً، ثُمَّ هُمْ بَعْدَ ذَلِكَ مَنَازِلُ، لَا يَتَغَوَّطُونَ وَلَا يَبُولُونَ، وَلَا يَمْتَخِطُونَ وَلَا يَبْزُقُونَ، أَمْشَاطُهُمُ الذَّهَبُ، وَمَجَامِرُهُمُ الْأَلُوَّةُ، وَرَشْحُهُمُ الْمِسْكُ، أَخْلَاقُهُمْ عَلَى خُلُقِ رَجُلٍ وَاحِدٍ، عَلَى طُولِ أَبِيهِمْ آدَمَ سِتُّونَ ذِرَاعًا )).

لە گێڕانەوەیەکی تردا بەم شێوەیە هاتووە : ((لا اخْتِلافَ بَيْنَهُمْ وَلا تَبَاغُضَ قُلُوبُهُمْ قلبٌ واحدٌ يُسَبِّحُونَ اللهَ بُكْرَةً وَعَشِيًّا)) لەگێڕانەوەیەکی تردا(( وأزواجهم الحور العين )).

واته : (أبو هريره)( ڕازی خوای لیٚ ڕازی بیٚت) دەڵیٚ: پیٚغەمبــەر (صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: (یەکەمین کۆمەڵ لە ئوممەتم کە دەچــنە بەهەشــتەوە، لەســەر شیٚوەی مانگی شەوی چواردەن، لەپاشان ئەوانەی لە دوایانەوە دیٚن لەســەر شــیٚوەی پرشنگدارترین ئەستیٚرەن لە ئاسمانا، ئەوانەی دوای ئەوانیش چەند پلەیەکن، نــەمیز دەکەن و نە پیسایی و، نە چڵمیان هەیە و نەبەڵغەم، شانەیان لە زیٚڕە و، بخوردانیان دار عودە، ئارەقیان میسکە، خووڕەوشتیان یەك خووڕەوشتە لەســەر باڵــای باوکــە ئادەمیان شەست مەترن).

هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا لە جابرەوە, پیٚغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەفەرمویٚت : (( إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ يَأْكُلُونَ فِيهَا ، وَيَشْرَبُونَ ، وَلا يَتْفُلُونَ ، وَلا يَتَمَخَّطُونَ ، وَلا يَبُولُونَ "قَالَ : فَمَا بَالُ الطَّعَامِ ؟ قَالَ : " جُشَاءٌ وَرَشْحٌ كَرَشْحِ الْمِسْكِ ، يُلْهَمُونَ التَّسْبِيحَ وَالتَّحْمِيدَ ، كَمَا تُلْهَمُونَ النَّفَسَ))

واته : (بەردەوام بەهەشتیەکان لەبەهەشتا دەخۆن و دەخۆنەوە، نە پیســایی دەکــەن نە چڵمیان هەیە و، نەمیز دەکەن، بەڵکو پاشەڕۆکی خواردنیان جــۆرە قرقیٚنەیەکــە بۆنی هەر لە بۆنی میسك دەچیٚت. سوپاس و ستایشی خوا دەکەن وەك چــۆن ئیٚــوە هەناسە دەدەن).

وه له زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە, پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت : (( وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ إِنَّ أَحَدَهُمْ (أهل الجنة) لَيُعْطَى قَوَّةَ مِائَةَ رَجُلٍ فِي الْأَكْلِ وَالشُّرْبِ وَالْجِمَاعِ والشهوةِ ،تَكُونُ حَاجَةُ أَحَدِهِمْ رَشْحًا يَفِيضُ مِنْ جُلُودِهِمْ كَرَشْحِ الْمِسْكِ فَيُضْمِرُ بَطْنَهُ)).[أخرجه أحمد والنسائي ، قال المنذري في الترغيب والترهيب: رواته محتج بهم، في الصحيح، ورواه الطبراني بإسناد صحيح وابن حبان في صحيحه والحاكم ]

واته: سوێند بەو کەسەی کە نەفسی محمدی بەدەستە هەریەکێك لە بەهەشتیەکان هێزوتوانای سەد پیاوی پێ دەدرێت لە خواردن وخواردنەوەو جیماع وئارەزوو, وە پاشەڕۆی هەریەکێکیان لەشێوەی ئارەقکردنەوە لەپێستدا دەردەچێت وەکو بۆنی میسك وورگیشی خاڵی دەبێت.

وه له ئەنەسەوە (ڕازی خوای لێ ڕازی بێت), پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت :(( لَقَابُ قَوْسِ أَحَدِكُمْ أَوْ مَوْضِعُ قَدم فِي الْجَنَّةِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا ولَوْ أَنَّ امْرَأَةً مِنْ نِسَاءِ الْجَنَّةِ اطَّلَعَتْ إِلَى الْأَرْضِ لَأَضَاءَتْ مَا بَيْنَهُمَا وَلَمَلَأَتْ مَا بَيْنَهُمَا رِيحًا وَلَنَصِيفُهَا(يَعْنِي الْخِمَارَ)خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا ))[ البخاري]

واتە: شوێنێك ئەوەندەی دووری نێ‌وان هەردوو سەری کەوانـەکانتان ، یـان شـوێنی ئەوەندەی پێتان لەبەهەشتدا چاکترە لە دونیا و ئـەوەیش کـە تێیدایـە ، وە ئەگـەر ئافرەتێك لە ئافرەتەکانی بەهەشت سەیری سـەر زەوی بکـات نێـوان هـەردوکیانی ڕوناك دەکردەوەو پڕی دەکرد لە بۆنی خۆش ، و سەرپۆشەکەشی چاکترە لە هـەموو دونیاو ئەوەش کە تێیدایە.

وە لەئەنەسەوە ڕازی خوای لێ ڕازی بێت, پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) دەفەرموێت:

((إِنَّ فِي الْجَنَّةِ لَسُوقًا يَأْتُونَهَا كُلَّ جُمُعَةٍ، فَتَهُبُّ رِيحُ الشَّمَالِ فَتَحْثُو فِي وُجُوهِهِمْ وَثِيَابِهِمْ، فَيَزْدَادُونَ حُسْنًا وَجَمَالًا، فَيَرْجِعُونَ إِلَى أَهْلِيهِمْ فَيَقُولُونَ لَهُـمْ : وَاللهِ لَقَدِ ازْدَدْتُمْ بَعْدَنَا حُسْنًا وَجَمَالًا، فَيَقُولُـونَ: وَأَنْـتُمْ وَاللهِ لَقَـدِ ازْدَدْتُـمْ بَعْـدَنَا حُسْنًا وَجَمَالًا))[رواه المسلم].

واتە: لەبەهەشتدا بازاڕێك هەیە بەهەشتیەکان هەموو ڕۆژانی هەینیەك بۆی دەچـن بای باکوور دەدات لە دەم وچاوکەلوپەلەکانیان بەهۆیەوە جوانی وشـۆخ وشـەنگیان زیاتردەبێت, جا کەدەگەڕێنەوە بۆلای هاوسەرەکانیان پێیان دەڵـێن: سـوێند بـەخوا

دوای ئێمە جوانیتان زۆرتربووە, ئەمانیش بەهەمان شێوە بەوان دەڵێن: سوێند بەخوا ئێوەش جوانی و شۆخ وشەنگیتان زیادی کردووە.

لەهەمان سەرچاوە, لە ئەبی سەعیدەوە, پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی : ((إذا دَخلَ أهلُ الجَنةِ الجَنةَ يُنَادِي مُنَادٍ: إِنَّ لَكُمْ أَنْ تَصِحُّوا فَلا تَسْقَمُوا أَبَدًا وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَحْيَوْا فَلا تَمُوتُوا أَبَدًا وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَشِبُّوا فَلا تَهْرَمُوا أَبَدًا وَإِنَّ لَكُمْ أَنْ تَنْعَمُوا فَلا تَبْأَسُوا أَبَدًا وَذلِكَ قول الله عزوجل﴿وَنُودُوا أَنْ تِلْكُمْ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾[الأعراف: ٤٣].

واتە: کاتێك ئەهلی بەهەشت دەڕۆنە بەهەشت بانگکەرێك بانگ دەکات ودەڵێت: ئەی بەهەشتیەکان ئیتر لەبەهەشتدا لەش ساغن وهەرگیز نەخۆش ناکەون وە زیندوون وهەرگیز نامرن وە هەمیشە گەنجن وهەرگیز پیرولاواز نابن وە هەمیشە لە خۆشحاڵیدان وهەرگیز بێزارنابن, ئەمەش فەرموودەی خوای پەروەردگارە کە دەفەرموێت: جا کەبەهەشت دەبینن لەلایەن فریشتەکانەوە بانگ دەکرێن وپێیان دەگوترێ ئەم بەهەشتە ئەوەبوو کە بەڵێننتان پێدرابوو وا ئەمڕۆ بەهۆی ئەو کاروکردەوە چاکانەوە لەدنیادا ئەنجامتان دان پێتان دراو بوونە خاوەنی.

وە لە بوخاری وموسلیمدا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە, پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی :

((قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ : أَعْدَدْتُ لِعِبَادِي الصَّالِحِينَ مَا لا عَيْنٌ رَأَتْ ، وَلا أُذُنٌ سَمِعَتْ ، وَلا خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ ، وَاقْرَءُوا إِنْ شِئْتُمْ قَوْلَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ ﴿فَلا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[السجدة: ١٧].

واتە: خوای گەورە دەفەرمویت: بەهەشتێکم بۆ بەندە چاکەکانم ئامادەکردووە کەبەچاو نەبینراوە و بەگوێ نەبیستراوە و بەدڵی هیچ کەسیشدا نەهاتووە, ئەگەر ویستان ئەم ئایەتە بخوێننەوە﴿ئیتر هیچ کەسێك نازانێ چ پاداشتێکی گرنگیان بۆ داشاراوە لەهۆیەکانی خۆش وشادی چاوان ودڵ ئارامی لەپاداشتی ئەو کارانەدا ئەنجامیان داون وخۆیانیان بۆ ماندوو کردووە﴾.

وە لەصوهەیبەوە ڕەزای خوای لێ بێ, پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی : ((إِذَا دَخَلَ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ ، نَادَى مُنَادٍ : يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ ، إِنَّ لَكُمْ عِنْدَ اللهِ مَوْعِدًا يُرِيدُ أَنْ يُنْجِزَكُمُوهُ . فَيَقُولُونَ : مَا هُوَ ؟ أَلَمْ يُثَقِّلْ مَوَازِينَنَا ، وَيُبَيِّضْ وُجُوهَنَا ، وَيُدْخِلْنَا الْجَنَّةَ ، وَيزحزنا عن النَّارِ ؟قال فَيُكْشَفُ لهم الْحِجَاب

فَيَنْظُرُونَ إليهِ ، فوالله َ ما أعطاهم الله شيئاً أَحَبُّ إِلَيْهِمْ مِنَ النَّظَرِ إِلَيْهِ ولا أقرَّ لأعينِهم منهُ))[رواه مسلم].

واتە: کاتێـك کەبەهەشـتیەکان دەڕۆنـە بەهەشـتەوە, بانگکـەرێك بـانگ دەکـات ودەڵێت: ئەی بەهەشتیەکان! پەیمانێکتان لای خواهەیە ئەیەوێ بۆتانی جـێ بـەجێ بکات, ئەوانیش دەڵێن: ئەوە چی بێت؟ مەگەر خوا تەرازووی چـاکەکانمانی قـورس نەکردووەو ڕوومانی سپی نەکردووە و لـەئاگری دۆزەخـیش قوتارمـانی نـەکردووە؟ ئەفەرموێ: خوای گەورە پەردەوحجابەکە لادەبات و ئەوانیش سەیری خـوای گـەورە دەکەن, سوێند بەخوا هیچ شتێکیان پێنـەدراوە ئەوەنـدەی ئـەو سـەیرکردنەیان بـۆ خوای پەروەردگار خۆش وئاسوودەبێت بەلایانەوە وخۆشبەختیان بکات.

وە لە فەرموودەکەی ئەبو سعیدی خودریدا ڕەزای خوای لێ بێ هاتووە, کـە خـوای پەروەردگار بەبەهەشتیەکان دەفەرموێت : ((أُحِلُّ عَلَيْكُمْ رِضْوَانِي ، فَلا أَسْخَطُ عَلَيْكُمْ بَعْدَهُ أَبَدًا)) واتە: ڕەزامەندی منتان بۆ حەڵاڵ بـووە ئـیتر هـەرگیز لێتـان توڕەنابـم.

اللهم ارزقنا الخلد في جناتِك وأحل علينا فيها رضوانك وارزقنا لذة النظرِ إلى وجهك والشوقَ إلى لقائك من غيرِ ضرَّاءَ مُضِـرَّة ولا فتنةٍ مُضِـلةٍ اللهم صلِّ وسلم وبارك على عبدك ونبيك محمدٍ وعلى آلِهِ وأصحابِهِ أجمعِـين.

# بەشی دووەم

# ئـاكار و سیفاتی

# بەهەشتیەكان

خوێنەرانی بەڕێزو یەکخواپەرست ئەوەی لەسەرەتاوە تا ئێستا خوێندتانەوەو بەرچاوتان کەوت بریتی بوو لە وەسفی بەهەشت وخۆشی و دیمەنە بێ وێنەو دلڕفێنەکانی, سوێند بەخوا شایستەو شایەنی ئەوەیە کە کاری بۆبکرێ و کۆششی لەپێناودا بکرێ, وکێ برکێی بۆبکرێ, جا ئەگەر پرسیار بکەی لە ڕێگەو شێوازو ڕێچکەی گەیشتن بەو بەهەشتە, ئەوا خوای میهرەبان لە قورئانە پیرۆزەکەی دا باسی فەرمووە بۆمان و دەفەرموێت :

﴿وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ (١٣٣) الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنْ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (١٣٤) وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾(آل عمران).

واتە: پەلەو چەسپانی بکەن بۆ کردنی ئەوشتانە ئەبنە هۆی لێبوردنی پەروەردگارتان وچوونە بەهەشتێکی فراوانی واوە کە: هەر پانتاییەکەی بەئەندازەی ئاسمانەکان وزەویە کە ئامادەکراوە بۆ پارێزکاران, کە سیفاتەکانیان ئەمانەیە: لەخۆشی وناخۆشی وبوون ونەبووندا ئەوان دارایی دەبەخشن ورق وغەزەبی خۆیان

لـەکاتی تووڕەییـدا دەخۆنـەوەو کـاری پێناکـەن ولەهەڵـەی مـەردم خـۆش دەبـن وتۆڵەناسێنن خواش خێرخوازانی خۆشدەوێت, هەرکە کارێکی دزێوو ناشرین بکـەن واتە گوناهێك ئەنجام بدەن یان ستەم لە خۆیان بکەن واتـە گونـاهی بچـووك بکـەن بەتالووکەوپەلە یادی خوا دەکەنەوەو داوای لێبوردن لـە گوناهـەکانیان دەکـەن جـا دەبیٚ بێجگە لەخوا کیٚ تاوان وگوناە بپۆشیٚ؟ جا ئەوانە لەسەر تاوان وگوناهیٚ کـە زانیویانە هەڵەیە سووروبەردەوام نین.

**ئەوەی لەم ئایەتەدا باسکرا چەند سیفەت وئاکارێکی ئەهلی بەهەشت بـوو, وا لە خوارەوە بە ڕوونی دیاریان دەکەین:**

**سیفەتی یەکەم:** ﴿الـمُتَّقِينَ﴾ واتـە: خۆپـارێزەران یـان پارێزکـاران, ئەوانـەی خۆیان لەخەشم وسزای خوا دەپارێزن, ئەوەش بە دروستکردنی بەربەست وقـەڵغانێك دەبێت لەنێوان خۆیان وسزاو ڕقی خوادا لەکاتێکدا ئەو بەربەستە دروست دەبێت بە: جێبەجێکردنی ئەوانەی فەرمانیان پێکـراوە وەکـو گوێڕایەڵیـەك بـۆ خـواو پاشـان بەچاوەڕوانی پاداشتەوە, وە دوورکەوتنەوە لەوانەی کە نەهیان لێکراوە دیسان وەکو گوێڕایەڵیەك بۆ خواو ترسێك لە سزاوتۆڵەی خوا.

**سـیفەتی دووەم:** ﴿الَّـذِينَ يُنفِقُـونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ﴾ ئەوانـە جـۆرە کەسانێکن کە ماڵ دەبەخشن بەو شێوازەی کە داخوازیان لێکراوە تیێدا لە زەکـات

وسەدەقات وبەخششەکانی تر بۆ ئەوانەی کە مافیان بەسەریانەوە هەیە, وەك بەخشین لەکاتی جیهادو تێکۆشانداو ڕێگاکانی تری خێر کەلە خۆشی وناخۆشیدا دەبەخشن, لەکاتی خۆشی وبەختەوەریدا وایان لیٚ ناکات کە ماڵ وسامانیان خۆش بوێت وبەرەو ڕەزیلی ودەسگیرۆیی بیانبات بۆ ئەوەی زیادبکات, وەلە کاتی ناخۆشی وتەنگانەشدا وایان لیٚ نایەت کە دەستی پێوە بگرن ولەترسی ئەوەی نەوەك پێویستیان پێی بکەوێت بۆیە نەیبەخشن.

**سیفەتی سێیەم:** ﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ﴾ ئەوانەن کە خۆیان دەگرن لەکاتی توڕەبوونیاندا ستەم ناکەن و دەسدرێژی ناکەنە سەر کەسانی بەرانبەریان لەو ساتانەدا, بەڵکو بەئارامن و خۆڕاگرن.

**سیفەتی چوارەم:** (وَالْعَافِينَ عَنْ النَّاسِ) ئەوانەی کە لەوخەڵکانە خۆش دەبن کە ستەمیشیان لێیان کردووە و دەستی ناڕەوایان بۆ درێژکردوون, بۆ مافی خۆیان تۆڵەناسێنن لەکاتێکدا توانایشیان هەیە(لە بێدەسەلاٚتیدانیە) چونکە کاتێك کە خوای میهرەبان چاکەکارانی خۆشدەوێت واتە لێبوردن وبەخشینێك کە چاکە بێت وشوێنی ئەو بگرێتەوە, نەك لێبوردنێك کە ببێتەهۆی زیادە ڕق وقین ودڵسااردی

دروستکردن. هەر لەبەر ئەوەیە کە خوای بەسۆزوبالادەست دەفەرمویت ﴿فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ﴾(الشورى: ٤٠).

واتە: ئەو کەسەی لێخۆشبوونی هەبێت و چاوپۆشی و چاکسازی بکات، ئەوە پاداشتی لای خوایە، بەڕاستی خوا ستەمکارانی خۆش ناوێت...

**سیفەتی پێنجەم:** ﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ﴾ فاحشە ئەو تاوانانەیە کە زۆر ناشیرین وقیزەونن, کە ئەوانەش تاوانە گەورەکانن, وەك: کوشتنی کەسێکی بێ تاوان بەناهەق, ئازاردانی دایك وباوك, خواردنی ڕیبا, خواردنی ماڵی هەتیو, پشت هەڵکردن لەجەنگدا, زیناوداوێن پیسی, دزی وهاوشێوەکانی. بەڵام ستەم کردن لە نفس(وەکو لە ئایەتەکەدا هاتووە) ئەوا گشتگیرترە تاوانی بچوك وگەورەش دەگرێتەوە, جا بۆیە کەسێك کە تاوانێك ئەنجام دەدات بیری گەورەیی وبلندی ئەو خوایە دەکاتەوە کە سەرپێچی بەرانبەرکردووە, بۆیە ترس وبیم دایدەگرێت, وەبیری ڕەحم وبەزەیی ومیهرەبانی ئەو دەکاتەوە دەست دەکات بە هەوڵ وکۆشش لەو پێناوەدا وهۆکارەکانی دەگرێتەبەر و داوای لێخۆشبوون وسڕینەوەی تاوانەکانیان لە خوا دەکەن, ئەوەش بەداپۆشینی وسزانەدانیان لەسەری, وە داوا لە هیچ کەسێکی تر

ناکەن بۆ ئەو مەبەستە چونکە تەنها خوا دەسەڵاتی ئەوەی هەیەو لەتوانایـدا هەیـە بۆیە ڕوو لەو دەکەن.

**سیفەتی شەشەم:** ﴿وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ واتـە بـەردەوام نابن لەسەر تاوان وگوناه, لەکاتێکدا دەزانن کە ئەوە تاوانـەو سـەختی سـزاوتۆڵەی خواش دەزانن وڕەحم ونزیکی لێخۆشبوونی خواش دەزانن بۆیە وازدێنن و زوودەست هەڵدەگرن وڕوو دەکەنە تۆبەوپەشیمانی, سووربوون وبەردەوامی لەسەر تاوان لەگـەڵ زانینی ئەو خاڵانەی کەباسکران تاوانە بچـووکەکان دەکـات بەگـەورەو بکەرەکـەی تووشی نەهامەتی وبەدبەختی دەکات. بۆیە کاتی خۆیەتی بەڕاسـتی هـەوڵ بـدەین ئەو سیفەتە جوانانە لە خۆمانـدا بەرجەسـتە بکـەین وخۆمـانی پـێ بڕازێنینـەوە, چونکە سوێند بەخوا دونیامان بۆ دەکاتە بەهەشت و سەریشـمان لەبەهەشـتی ئـەو دونیاوە دەردەکات, جا کەوابێ ئایا مافی خۆی نیە کە خۆمان وا لێبکەین؟ بەڕێزان با خەمی قیامەتمان هەبێ چەنکە ئەو بەرەو ئێمە دێ وئێمەش بەرەو ئـەو دەڕۆیـن, پێش هەزاروچواسەدوبیسـت سـاڵ خـوا فەرموویـەتی قیامـەت نزیکـەو نـزیکیش بۆتەوە, ئەی ئێستا؟ خۆشەویستان کەسـمان نازانین کەی دەمرین بەڵام دەزانین کـە دەمرین دەزانـین زینـدویش دەکرێینـەوە, جـا ئەگـەر ئـەو زانینـە سـوودمان پـێ نەگەیەنێت ئەوا بەدڵنیاییەوە زیانی هەیە بۆمان .

خوای گەورە لە ئایەتێکی بەپیزی تردا هەر سەبارەت بەم باسە گرنگە دەفەرموێت :

﴿قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ (١) الَّذِينَ هُمْ فِي صَلاتِهِمْ خَاشِعُونَ (٢) وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ (٣) وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ (٤) وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ (٥) إِلاَّ عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ (٦) فَمَنْ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْعَادُونَ (٧) وَالَّذِينَ هُمْ لأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ (٨) وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ (٩) أُوْلَئِكَ هُمْ الْوَارِثُونَ (١٠) الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾(المؤمنون).

واتە: بەڕاستی خەڵکانی خاوەن ئیمان وبڕوادار سەرکەوتوو ڕزگارن, چونکە خاوەنی ئەم سیفەتە بەرزانەن: ئەوانەن کەلە نوێژەکانیاندا خۆشکێن وملکەچن وهەردەم بەترسەوە نوێژئەکەن وبەرانبەر بەخوا ئەهلی شەرمن, ئەوانەشن کەلە بەرانبەر کاروکرداری پڕوپووچ وشتی بێ ماناو بێ سوود ڕوو هەڵدەسوڕێنن پشت هەڵدەکەن, وە ئەوانە بەهەژارو بێ نەوایان زەکات دەدەن, وە پارێزەری داوێنیانن, خۆیان لەهەموو ڕێگەیەکی یاساغ وناشەرعی دەپارێزن وەلە جێ بەجێکردنی

ئارەزووەکانیـــان خـــۆڕاگرن, مەگـــەر لەگـــەڵ هاوســـەری خۆیـــان یـــان لەگـــەڵ کەنیزانیان(ئەوانەی موڵکی خۆیانن) جا بێگومان لەوڕێیەوە لۆمـەکراونابن ولێیـان ناگیرێ, ئینجا هەرکەسێ لەغەیری ئەو ڕێگایەوە هەوڵ بـدا بـۆ جـێ بـەجێکردنی ئارەزووی خۆی وەك زیناو نێربازی... ئەو جۆرە کەسانە ئەوە ڕەفتاریان بێت دەست درێژکـەرو سـنوور بـەزێنی لەئەندازەبـەدەرن, ئەوانـەش کـە چـاودێرو ڕاگـری سپاردەوبەڵێن وپەیمانی خۆیـانن, وە ئەوانـەش کەلەسـەر نوێـژەکانیان دەوامکـارن ودەیانپارێزن, تەمەڵیان تێـدا ناکـەن ونایانفـەوتێنن ولـەکاتی خۆیانـدا بەتـەواوی پایەومەرجەکانیەوە جێبەجێیان دەکەن, هەر ئەوانەن میراتگران وخـاوەنی بەهەشـت, ئەوانەی دەبنە خاوەنی (فیردەوس) بەهەشتی بڵند وبـەمیرات ئەیبـەن, بەهەتاهـەتاییش تێیدا ئەمێننەوە.

**ئەم ئایەتە پـیرۆزە چـەند سـیفاتێکی بەهەشـتیەکانمان بـۆ بـاس دەفـەرموێ, وا لەخوارەوە بەخاڵ باسیان لێوە دەکەین بۆ ئەوەی بۆ خوێنەری ئیسلام ویست ڕوون بێت وخۆمانی پێ بڕازێنینەوە.**

**سیفەتی یەکەم:** ﴿الْمُؤْمِنُونَ﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە بەخواو بەهەموو ئەو شـتانەی کـە دەبێـت بـاوەڕی پـێ بهێنرێـت لـە فریشـتەو پەرتووکەئاسمانیـەکان وپێغەمبەران وڕۆژی دوایی وقەزاوقەدەر(خێروشەڕی), باوەڕیـان بـەو شـتانە هەیـە بەباوەڕێك کە وەریان گرتووەو ڕازین لێی وملکەچن بۆی بەکرداروگوفتار.

**سیفەتی دووەم:** ﴿**الَّذِينَ هُمْ فِي صَلاتِهِمْ خَاشِعُونَ**﴾ دڵیان ئامادەیە لەنوێژداو ئەندامەکانی جەستەشیان ئارام وبێ جووڵەن, هەست بەوە دەکەن کە لەنوێژەکانیاندا وەستاون بەپێوە بەرانبەر خوای گەورەو میهرەبان بەفەرمایشت وگوفتاری پیرۆزی خۆی قسەی لەگەڵدا دەکەن وبەزیکرویادی ئەو لێی نزیك دەبنەوە, وەبە دوعاوپاڕانەوە پەنای پێ دەبەن, بۆیە بە دڵ وناخ وجەستەوە ئەوانە خاشعن وبیریان لای نوێژەکانیانە.

**سیفەتی سێیەم:** ﴿**وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ**﴾. (**لەغو**) بریتیە لە هەموو ووتەوکردارێکی بێ سوودوبێ کەڵك, ئەوان لەمانە دوورن وتەنانەت هەر کۆڕومەجلسێك لەغویشی تێدا بکرێت ئەوان خۆیانی لێ دەپارێزن وبەشداری تێدا ناکەن لەبەر هیممەت بەرزی و زۆر سووربوونیان لەسەر چاکەکاری بۆیە کاتی بەنرخی خۆیان لەو شتانەدا بەسەرنابەن ونافەوتێنن, هەروەکو چۆن نوێژەکانیان بەخشوع دەپارێزن بەهەمان شێوەیش کاتەکانیان لەلەناوچوون دەپارێزن, ئەگەر ئەوانە خۆیان لەشتێ بپارێزن کە سوودی تێدا نەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە خۆیان لەشتانێك دەپارێزن کە زەرەروزیانی تێدایە.

**سیفەتی چوارەم:** ﴿**وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ**﴾ ئەوانە زەکاتی ماڵەکەیان بەشێوەیەکی جوان دەردەکەن, بێ ئەوەی زۆرلەخۆیان بکەن وبەدڵ گرانیەوە ئەو

پەرستشە ئەنجام بدەن, بەڵکو بە ڕووگەشی وبەخۆشحاڵیەوە مـافی هەژارونـەدارانی لێدەردەکەن.

**سیفەتی پێنجەم:** ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ (٥) إِلاَّ عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ﴾ ئەوانەی داوێنی خۆیان پـاك ڕادەگـرن ودەیپارێزن لەهەر کاروکردارێکی قیزەونی ناشەرعی وەك زینـا ونێربـازی, چـونکە سەرپێچی خوای تێدایە و دارمانی ڕەوشتی وکۆمەڵگاییـە, وەهـەروەها چاویشـیان لەنەزەرکردن وتێڕوانین بۆ نامـەحرەم دەپـارێزن ودەسـتیان لـە بەرکـەوتن ولێـدانی جەستەی نامەحرەم دەپارێزن, وە زۆرێك لەزانایان ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە لەسـەر حەرام بوونی ئاوهێنانەوە بەدەست, چونکە ئەوە بـەکارهێنانی داوێنـە لەجگـە لـە خێزان وکەنیزەکدا.

**سیفەتی شەشەم:** ﴿وَالَّذِينَ هُـمْ لأَمَانَـاتِهِمْ وَعَهْـدِهِمْ رَاعُـونَ﴾ ئەمانـەت ئەوەیە کە کردارێـك یـان گوفتارێـك بەڕاسـپاردە بزانرێـت, جـا ئـەوەی بـەنهێنی قسەیەکی لاتکرد ئەوا تۆی ڕاسپاردوە, وەئەوەی کـارێکی ئەنجامـدا لـەلات وپێـی ناخۆش بوو کەخەڵك پێی بزانێت ئەوا تۆی بەجێی باوەڕدانـاوە, وەئـەوەی شـتێکی لادانای لەبەر دەستپاکیت ئەوا تۆی بەئەمین ودەسـتپاك دانـاوە, وەهـەروەها ئـەو

پەیماننامەو گرێبەست ونەزرانەش دەگرێتەوە لەنێوانی خەڵکیدا کەئـەنجام دەدرێـت. هەربۆیە بەهەشتیەکان ئەمانەتی نێوان خۆیان وخواو خۆیان وخەڵکی دەپارێزن.

**سیفەتی حەوتەم:** ﴿وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ﴾ پارێزگاری دەکەن لەنوێژەکان لەوەی بڕوات یان کەم وکورتی تێـدا بکـەن, ئـەوەش بـەوە دەبێـت کـە لـەکاتی خۆیـدا ئـەنجام بـدرێت وبەشـێوەیەکی دروسـت وتـەواو مـەرج وپایـەو پێویستیەکانی بەجێ بهێنرێت.

**خوێنەری چاکەخواز:** خوای پەروەردگار لەقورئانەکەیـدا لـە زۆر شـوێنی تـردا باسی سیفاتی بەهەشتیەکانی کردووە بۆمان وبەجوانـترین وتەواوترین شێواز باسـی فەرمووە, بـەڵام ئەوانـەی باسـکران لـە سـیفەتە هـەرەگرنگ و زۆرپەیوەسـتەکانە بەمرۆڤی بەهەشتیەوە, بەشێوەیەك کەهەریـەك لەوانـە لەتەواوکەریـەکانی ئیمانـە وکەم وکورتی تێیدا کەم وکورتیە لـەئیمان وبـاوەڕ, دەبـا پێکـەوە کۆمـەڵگەیـەکی بەهەشتی پێك بهێنین بۆ ئەوەی ژیانی دونیامان وێنەی بەهەشت بێت و دوور بێـت لەهەر سیفاتێکی نائیسلامی و نامرۆڤانە.

**وا ئێستا دێینە خزمەت فەرموودە شـیرینەکانی پێغەمبـەر(صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) باسی سیفاتی بەهەشتیمان بۆ بکات:**

لەئــەبوهورەیرەوە (ڕەزای خــوای لــێ بــێ), پێغەمبــەر(صَــلَّى اللهُ عَلَيْــهِ وَسَــلَّمَ) دەفەرموێت : ((مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْـتَمِسُ فِيـهِ عِلْـمًا سَـهَّلَ اللهُ لَـهُ طَرِيقًـا إِلَى الْجَنَّةِ)) [رواه مسلم] .

واتە: ئەوەی ڕێگەیەك بگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی زانست ئەوا خوای گەورە ڕێگەی چوونە بەهەشتی ئاسان دەکات.

لەهەمان سەرچاوەدا دیسان پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفــەرموێت : ((أَلَا أَدُلّكُمْ عَلَى مَا يَمْحُو اللهَّ بِهِ الْخَطَايَا وَيَرْفَع بِهِ الدَّرَجَات ؟ قَالُوا : بَلَى يَا رَسُول اللهَّ قَالَ : إِسْبَاغ الْوُضُوء عَـلَى الْمَكَـارِه وَكَثْـرَة الْخُطَـا إِلَى الْمَسَـاجِد وَانْتِظَـار الصَّلَاة بَعْد الصَّلَاة )) [**رواه مُسْلِم**] واتە: ئایا هەواڵتان پێ بـدەم سـەبارەت بـە شتێك کە تاوانی پێ دەسڕێتەوەو پلەوپایەی پێ بەرزدەبێتەوە؟ وتیـان بـەڵێ ئـەی پێغەمبەری خوا, ئـەویش فـەرمووی: دەسـتنوێژگرتن بەتێروتەسـەلی و بەتـەواوی لەکاتی بوونی ئەزیەت و ناڕەحەتی ،و زۆر هەنگاونان بۆ مزگەوت وچاوەڕێ کردنـی نوێژ دوای نوێژ.

لەعومەری کوڕی خەتتابەوە(ڕەزای خوای لێ بێ), پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت : (( مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ ، فَيُسْبِغُ الْوُضُوءَ ، ثُمَّ يَقُولُ : أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ، إِلَّا فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ الثَّمَانِيَةِ ، يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ )) [رواه مسلم] .

واتە: هیچ یەکێك لەئێوە نیە کە دەستنوێژ بەجوانی بگرێت وپاشان بڵێت: شاهێدی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت بەحەق جگە لە الله ومحمدیش بەندە ونێردراوی خوایە, ئەوا هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوەو لەهەرکامیەوە ویستی دەڕواتە ژوورەوە.

لە عوسمانی کوڕی عەففانەوە(ڕەزای خوای لێ بێ), پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت : (( من بنى مسجداً يبتغِي بهِ وَجهَ الله بَنَى اللهُ لَهُ بيتاً فِي الجنَّةِ )) [متفق عليه]

واتە: ئەوەی مزگەوتێك دروست بکات تەنها لەپێناوی خوادا ئەوا خوای گەورەماڵێکی لەبەهەشت بۆ دروست دەکات.

لەعوبادەی کوڕی صامتەوە (ڕەزای خوای لێ بێ)، پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت : ((خَمْسُ صَلَوَاتٍ كَتَبَهُنَّ اللهُ عَلَى الْعِبَادِ فمن جاءَ بِهِنَّ ولم يُضَيِّعْ مِنهُنَّ شيئَاً اسْتِخْفَافًا بِحَقِّهِنَّ كَانَ لَهُ عِنْدَ اللهِ عهداً أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ)) [رواه الإمام أحمد و أبوداود والنسائي ، له طرق يقوى بعضها بعضاً]

واتە : پێنج نوێژن ئەوانەی کە خوای پەروەردگار فەرزی کردون لەسەر بەندەکانی ، جا ئەو کەسەی ئەنجامیان بدات بە تەواوی و هیچیان لێ نەفەوتێنێ بە هۆی بایەخپێنەدانیان ، پەیمانی دەبێت لای خوای پەروەردگار کە بیخاتە بەهەشتەوە.

لە سەوبانەوە (ڕەزای خوای لێ بێ) کە پرسیاری لە پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)کرد دەربارەی کردەوەیەك کە بیخاتە بەهەشتەوە، ئەویش فەرمووی:

(( عليك بكثرةِ السجودِ فإنَّكَ لا تسجد للهِ سجدةً إلاّ رفعكَ اللهُ بِها درجةً وحطَّ عنك بِها خَطِيئَةً)) [رواه مسلم].

واتە: ئەگەر ئەتەوێ بچیتە بەهەشتەوە ئەوا زۆر سوجدە بۆ خوا بەرە(زۆر نوێژبکە) چونکە هیچ سوجدەیەك نابەیت بۆ خوا ئیلا خوای گەورە پلەیەك بەرزت دەکاتەوەو هەڵەوتاوانێکت لەسەر دەسڕێتەوە.

لە ئـوم حەبیبـەوە (ڕەزای خـوای لـێ بـێ)، پێغەمبـەر(صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) دەفەرموێت: (( ما من عبدٍ مسلمٍ يصلي لله تعالى في كلِّ يومٍ اثنتي عشرةَ رَكعَةً تَطَوُّعاً غيرَ فريضةٍ إلاّ بنى اللهُ لهُ بيتاً في الجنةِ)) [رواه مسلم].

واتە: هیچ بەندەیەك نیە كەلە هەموو ڕۆژێكدا دوازدە ركات نوێژی سوننەت بكـات جگە لەفەرزەكان ئەوا خوا ماڵێكی لەبەهەشت بۆ دروست دەكات.

وە مەعازی كوڕی جەبەل (ڕەزای خوای لێ بێ) پرسیاری لە پێغەمبەر كردو وتی هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە كردەوەیەك كە بمخاتە بەهەشتەوەو دوورم بخاتەوە لە ئاگر، ئەویش فەرمووی:

(( لقد سألتَ عن عظيم وإنه ليسيرٌ على من يسره الله عليه؛ تعبدالله ولا تشرك به شيئاً، وتقيم الصلاة، وتؤتي الزكاة، وتصوم الرمضان، وتحج البيت)) [رواه أحمد والترمذي وصححهُ].

واتە: بەڕاستی پرسیارت لەشتێكی گەورە كرد، وە ئاسانە بۆ كەسێك كە خوابۆی ئاسانی كردبێت، خواپەرستەوهاوبەشی بۆبڕیارمەدە، نوێژبكەو زەكات دەربكەو ڕۆژووی ڕەمەزان بگرەو حەجی ماڵی خوایش بكە.

لەسەهلی کوڕی سەعدەوە (ڕەزای خوای لیٚ بیٚ)، پیٚغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمویٚت: (( إن في الجنةِ باباً يقالُ لهُ الريَّان يدخل منهُ الصائمون يوم القيامةِ لايدخل منهُ أحدٌ غيرهُمْ)) [متفق عليهِ].

واتە: لەبەهەشتدا دەرگایەك هەیە پیٚی دەوتریٚت ڕەیان کە تەنها ڕۆژووەوانانی پیٚدا دەڕۆنە ژوورەوە کەسی تری پیٚدا ناچیٚتە ژوور.

لەئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لیٚ بیٚ)، پیٚغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمویٚت: (( العمرةُ إلى العمرةِ كفارةٌ لما بينهما والحج المبرور ليس لهُ جزاءٌ إلا الجنة)) [متفق عليه]واتە: عومرەیەك بۆ عومرەیەکی تر دەبیٚتە کەفارەتی تاوان لەنیٚوانیاندا، وە حەجیٚکی قبوڵکراویش هیچ پاداشتیٚکی نیە بەهەشت نەبیٚت.

لەجابرەوە (ڕەزای خوای لیٚ بیٚ)، پیٚغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمویٚت: ((مَنْ كَانَ لَهُ ثَلاَثُ بَنَاتٍ يُؤْوِيهِنَّ وَيَرْحَمُهُنَّ وَيَكْفُلُهُنَّ [ويُزَوِّجهُنَّ][*] فَقَدْ

---

[*]قال الإمامُ المنذري في تَخريج هذا الحديث : (رواه أحمد بإسناد جيد والبزار والطبراني في "الأوسط" وزاد : "**ويزوجهن**") ، قلت : أقر الشيخ الألباني قول المنذري هذا ونقلهُ في "الصحيحة" مقراً لهُ أيضاً فقال : (والحديث أوردهُ المنذري في "الترغيب" : (٣ / ٨٤ ـ ٨٥) ، وقال : ((رواه أحمد بإسناد جيد والبزار والطبراني في "الأوسط" وزاد : "ويزوجهن")) ) سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٣/٢٤ ـ ٢٥) الحديث رقم : (١٠٢٧).

وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ الْبَتَّةَ ، قِيلَ : يَا رَسُولَ اللهِ فَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ ؟ قَالَ : وَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ ، قَالَ : فَرَأَى بَعْضُ الْقَوْمِ أَنْ لَوْ قَالَ : وَاحِدَةً ؟ لَقَالَ : وَاحِدَةً))

[صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٣٧٧)].

واته : هەر کەسێك سێ کچی هەبێت و بیانگرێتە خۆی و بە خێویان بکات و بە بەزیی بێت بەرامبەریان و کەفالەتی دابین کردنی پێداویستی یەکانیان بۆ بکات و سەرپەرشتیان بکات و بیاندات بە شوو ئەوا بەهەشتی مسۆگەر کردووە بە هاتایی ، ووترا : ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر دوو کچیش بێت ؟ فەرمووی : ئەگەر دوو کچیش بێت ، دەڵێت : هەندێك لە خەڵکەکە وتیان : ئەگەر بوترایە : یەك کچیش؟ دەیفەرموو : یەك کچیش .

لەئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێ بێ) کە دەڵێت پرسیارکرا لەپێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەربارەی زۆرترین شتێك کە خەڵکی دەباتە بەهەشتەوە, ئەویش فەرمووی: **((تَقْوى اللهِ وحسنُ الخُلق))** (رواه الترمذي وابن حبان في صحيحهِ). واتە: تەقوای خواو ڕەوشت جوانی.

بەڕێزان ئەوانەی  کە باسکرا کۆمەڵێك بوو لـەئاکارەکانی ئـەهلی بەهەشـت لـە قورئان وفەرموودەکاندا, بە پشتیوانی خـوا وا ڕوونمـان کـردەوە بـەزمانی شـیرینی کوردی بۆ کەسێك کەبەهەشتی دەوێت وئەیەوێ پێی بگات .

أسأل الله أن ييسر لنا ولكم سلوكها ويثبتنا عليها إنه جوادٌ كريمٌ وصلى الله وسلم على نبينا محمدٍ وآلِهِ وصحبِهِ أجمعينَ.